

# جیل دۆلۆز:

## سارتەر مامۆستام بوو

لەعەرەبییەوە: دیاری عەبدوڵڵا

هەر نەوەیەک مامۆستای نەبێت شایستەی ئەوەیە خەمی لێبخورێت، مامۆستاکانی ئێمە مامۆستا گشتیەکان نەبوون، لە کاتێکدا کە پێویستیمان بە مامۆستا هەبووە، چونکە هەر ئەوەندەی دەگەیشتنە تەمەنی پیاوێتی، ئیدی مامۆستاکانمان ئەوانە بوون نوێگەرییەکی گەوهەرییان بەسەردا سەپاندین، ئەو مامۆستایانەی دەیانزانی چۆن تەکنیکی هونەری و ئەدەبی دابهێنن و رێگەی بیرکردنەوەی گونجاویان بۆ ئەم نوێگەرییەی سەردەمەمان دەدۆزییەوە، مەبەستم رێگەی نوێی بیرکردنەوەیە بۆ زەحمەتی و پەرۆشییە بە هەڵاکانمان. ئێمە دەزانین تەنها یەک بەهای هونەری، بگرە یەک بەهای راستەقینەی هەقیقی هەیە:» دەستی یەکەم»، نوێگەریی رەسەن بۆ ئەوەی دەیڵێین، ئەو « کۆپلە میوزیکەی هەقیقەتەکەی پێدەڵێین». سارتەی بۆ ئێمە ئەو میوزیکە، ئەو دەستی یەکەمە بوو(وانە بۆ نەوەی سەدەی بیستەم). دواتر، کێبوو زانیی شتێکی نوێ بڵێت، ئەگەر سارتەر نەبووبێت؟ کێ رێگەی نوێی بیرکردنەوەی فێرکردین؟ کارەکانی «مێرلۆبۆنتی»، چەندە قوڵ و پرشنگداربن، بێگومان مۆرکی مامۆستای پێوەدیارە و لە زۆر رووەوە سەر بە کارەکانی سارتەرن.(سارتەر بوون و قەوارەی مرۆڤی بە نەبوون «لاوجود»ی تایبەت بە دەلاقەیەک دەچوان لە جیهاندا، دەریاچەی بچووک بچووک لە نەبوون، وەک ئەو دەڵێت).

لەکاتێکدا مێرلۆبۆنتی بە چرچ و لۆچیی ئاسایی دادەنان، بۆیە بوونگەراییەکی تووند و بیروردانەی جیاواز لە بوونگەراییەکی نەرمتر، پارێزکارتر هانەتارا، بەڵام کامۆ، مەخابن، دەمێک خواستێکی گەورەی بۆ چاکەکاری»فەزیلەت» و دەمێکیش

پـووچـگـەرایـەکـی پـلـە دوو بـوو: کامۆ سـەر بـە بیرمەندە نەفرەت لێکراوەکان بوو، بەڵام فەلسەفەکەی دەیـگـەڕانـدیـنـەوە بـۆ « لالانـد و مایرسۆن»، واتە بۆ ئەو نوسەرانەی دوانـر لای هەڵگرانی بروانامەی بەکالۆریۆس زۆر بە باشی ناسرابوون. لە کاتێکدا ئـەوەی لـەسارتـەرەوە دەهات بابەتی نوێ، شتێک لە شێوازی نـوێ، ڕێگەیەکی رکابەریی نوند و نوێ بوو لە خستنەڕووی کێشەکان و قسەلێکردنیان. لە ئاپۆرای نووسین و هیواکاندا بە نووسین، جارێکی تر پەردەمان لەسەر هەموو شتەکان هەڵدایەوە: کافکا، رۆمانی ئەمریکی، هۆسرێل، هایدگەر، روونکردنەوەی ئەو هەڵوێستانەی لە هزری مارکسیدا کۆتاییان نییە، تـەکـانـدان بـەرەو رۆمانێکی نوێ، بەڵام هەموو ئەمانە بە سارتەردا تێپەڕین، لەبەرتەوەنا کە سارتەر، وەک فەیلەسووف، خاوەنی بلیمەتیی» هەمەکیی کـۆکـەرەوە ، تۆتالیزەیشن»بوو، بەڵکو لەبەرتەوەی دەیزانی چۆن شتی نوێ دابهێنێت. یەکەمین نمایشەکانی شانۆیی «مێش» و دەرکەوتنی بوون و نەبوون، وانەی بوونگەرایی ڕێبازێکی مرۆیی، هەموو ئەمانە رووداوی گەورە بوون، دواتر لە میانەی چەندین شەونخوونییەوە فێربووین لە بیرکردنەوەی بەردەوامدا بین لە نێوان بیرکردنەوە و ئازادیدا.

بـیـرمـەنـدانـی ئـازادیـخـواز، بە شێوەیەک لە شـێـوەکـان، لـە دژی بـوونـی «مـامـۆسـتـایـان گشتین»، ئەنانەت سۆربۆنیش پێویستیی بە دژە سۆربۆنێک هەیە، خوێندکارانیش بە باشی گوێ بۆ مامۆستاکانیان راناگرن، ئەگەر مامۆستای تریان نەبێت. لە کاتی خۆیدا نیچە لـەوە گـەڕا تەنها بۆ ئـەوەی ببێتە بیرمەندێکی ئازاد دەبێ مامۆستایش بێت: سارتەریش لە دەرچە و سیستمێکی تردا بە هەمان شێوە بوو. بیرمەندانی ئازادیخواز دوو خەسڵەتیان هەیە: جۆرێک لە یەکبوون لە هەموو حاڵەتێکدا، لەگەڵ کەمێک شپرزەیی، جۆرێک لە ئەنارشیزمیی جیهان کە لـەوێـدا هەڵدەقوڵێن و دەدوێـن، بۆیە ئـەوان تەنها بەناوی تایبەتی خـۆیـانـەوە قـسـەدەکـەن، بێئەوەی نوێنەری شتێک بن و لە نێو جیهاندا، جۆرەها فۆرم لە ئامادەگیی بنچینەیی و هێز دەجووڵێنن کە هیچیان «نوێنەرایەتی»ناکرێن. سارتەر لە میانەی پرسیاری» ئەدەب چییە»وە نمونەی باڵای نوسەری دارشتووە:

نوسەر جیهان وەک خۆی چۆنە دەهێنێتەوە مەیدان، کـاڵ، شەلاڵی ئارەقە، بۆگەن، رۆژانـە، بۆئەوەی لەسەر بنچینەی ئازادی بیدانەوە بە ئازادییەکان، بەوەوە ناوەستێت ئازادی بە نوسەر بدەین تا بتوانێت هەموو شتێک بڵێت! بەڵکو نوسەر دەبێ بۆ جەماوەرێک بنووسێت ئازادیی گۆڕینی هەموو شتێکیان هەبێت، ئەمەش وێڕای هەڵوەشاندنەوەی چینایەتی و چینەکان، هاوکات مانای نەهێشتنی هەموو دیکتاتۆریەتێک، نوێگەریی بـەردەوامـی چوارچێوەکان، گۆڕینی بەردەوامی سیستمەکان دەگەیەنێ، تا نەگەیشتوون بە چەقبەستن و بە بەردبوون. بە یەک وشە: ئەدەب، لە چییەتی و خودێتییدا رەگەزێکە وا دەکات کۆمەڵگە بتوانێت لە شۆڕشی بـەردەوامـدا بێت.» سـارتـەر، هەر لەسەرەتاوە، وێنای نوسەری لە شێوەی مرۆڤێکدا کـردووە وەک هەموو مـرۆڤـەکـان، تەنها لـە گۆشەنیگای ئازادییانەوە رووداوەکانە مرۆڤەکان».

هـەمـوو فـەلـسـەفـەکـەی لە جووڵەیەکی رامانگەریی نکوولیکەردا بووە لە بیرۆکەی نوێنەرایەتی، خودی سیستمی نوێنەرایەتییش: فەلسەفە هەمیشە پێگەی خۆی دەگۆڕێت، لە بازنەی حوکمدان دوور دەکەوێتەوە، بۆ ئەوەی لە جیهانێکی پڕ ڕەنگتردا جێگیر بێت کە بە «جیهانی پێش حوکمدان» و «پێش نوێنەرایەتی» ناودەبرێت. سارتەر دواجار وەرگرتنی خـەڵاتـی نۆبڵی رەتـکـردەوە، ئەم کارەیشی بەردەوامیی کرداریی بوو لەسەر هەمان هەڵوێست، ئەو لەوە دەترسا کە ببێتە نوێنەری هەر شتێک، تەنانەت گـەر بەها رۆحییەکانیش بێت، یان وەک خۆی دەڵێت: سەر بە دامەزراوەیەک بێت.

بیرمەندی ئـازاد پێویستی بە جیهانێک هەیە کەمترین ئاشووب و ئەناریشستیی تێدا بێت، تەنانەت گەر هیوایەکی شۆڕشگێڕانە و تۆوی شۆڕشێکی بەردەوامیش بێت، لای سارتەر جۆرێک لە پەیوەستبوونی تایبەت هەبووە.

بـە نـووسـیـن، بـە هـیـوا ناتومێدکەرەکانی ئەم سانەوەختە. ئیدی شەڕی جەزائیر پێویست بوو بۆ ئەوەی جۆرێک لە خەباتی سیاسی، یان گرژی و ئاڵۆزیی ئازادکەر بدۆزێتەوە، ئەوکات، لەو بارودۆخە ئاڵۆزانەدا، کە ئاڵۆزییەکەی لەوەدایە ئیدی ئێمە کەسانێکی سەرکوتکراو نیین و ئەو کەسانەین دەبـێ لـە دژی خۆمان بووەستینەوە..ئاخ گەنجان، تەنها کوبا و پیاوانی بەرگریکاری فەنزوێلا ماون!

بـەڵام شتێکی گـەورەتـر لە یەکبوونی بیرمەندانی ئازاد لە ئارادایە کە یەکبوونی ئەوانە لە سۆراخی مامۆستایەکدان، ئەوانەی مامۆستایان دەویست و تەنها لە جیهانێکی ئاڵۆزی پڕ ئاشووبدا نەبوایە نەیاندەتوانی بەو مامۆستایە بگەن.

سیستمی تـاکـاری، سیستمی نوێنەرایەتی بەسەرماندا داخـراوە، ئەنانەت ترسیش لە ئەتۆم لە شێوەی ترسێکی بۆرژوازیدا دەبینین. وا دەکات «ئیلهارددی شاردان» وەک مامۆستای بـیـرکـردنـەوە بـۆ ئازەپێگەیشتوان پێشنیار بکەین. ئەوەمان چەشت کە شایستەی بووین. دوای سارتەریش، نەک تەنها سیمۆن فاریل، بەڵکو فایلی مەیموون. نەک هەر ئەوەیش وێڕای هەمووشتەکان، چونکە لە ئەدەبی ئێستادا شتی نوێ بە قووڵی بوونیان نییە، با سەرباری ئێکەڵکردنی دۆ و دۆشاو باس لە رۆمانی نوێ بکەین، کتێبەکانی گۆمبرۆفیچ، گێرانەوەکانی کلۆسۆفسکی، سۆسیۆلۆژیای لیڤی شتراوس، شانۆی جینات و دی غانی، فەلسەفەی «شێتی»کە فۆکۆ ئیشی لەسەر کردووە، .بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ نیمانە ئەوەیە کە سارتەر زانیی چۆن کۆی دەکاتەوە و بۆ ئـەوەی پێشتر بەرجەستەی دەکات، واتە مەرجەکانی هـەمـەکـیـەکـی کـۆکـەرەوە «une totalisatio»: ئەوەی کە تیایدا سیاسەت و ئەندێشە و رەگەز و ناهۆشیاری و ویست لە نێو مافەکانی مرۆڤایەتیدا وەک یەکەیەک کۆ دەبـنـەوە. ئێمە ئەمڕۆ بوونی خۆمان دەکەینە خۆراکی رۆژانەمان، ئەندامەکان پەرتەوازەن. سارتەر لە بارەی کافکاوە دەڵێت:» ئیشەکانی کافکا پەرچەکرداری ئازاد و یـەک قـەوارەن بـەسـەر جیهانی جوولەکە - مەسیحیی ئـەورووپـای ناوەڕاست؛ رۆمانەکانیشی ئێپەڕاندنی نووسینەکیی بارودۆخی خۆیەتی وەک مرۆڤ، جوولەکە، چیکی، وناربێژێکی کێماسیدار، سیلاوی و ...هتد، بگرە سارتەر خۆی.

ئیشەکانی کافکا پەرچەکردران دەرهـــەق بـە جیهانی بـــۆرژوازی و لـە لایـەن کۆمۆنیستەکانیشەوە خراپە ژێر پرسیارەوە، ئەعبیریشن لە ئێپەڕاندنی بـارودۆخـی ئایبەتی خـۆی وەک رۆشنبیرێکی بـۆرژوا و قۆناغبیەکی پێشووی خانەی مامۆستایان و وناربێژێکی ئـازاد و پیاوێکی ناشیرین و ( سارتەر زۆرجار خۆیشی بەوجۆرە باسکردووە)...هتد: هەموو ئەو شتانەی لە جووڵەی کتێبەکانیدا رەنگـدانـەوە و پێکادانیان لەگەڵ یەکتریدا هەیە.

ئێمە وا باس لە سارتەر دەکەین، وەک ئـەوەی بیرمەندی قۆناغێکی بـەسـەرچـوو بـێـت، بـە داخـــەوە، وادیـــارە ئـەوە ئێمەین لەنێو ئەم سیستمە ئاکاری و فەرمانبەرداریەدا بەسەرچووین. سارتەر لایکەمی رێگەی پێداوین بە بێ ناونیشانێکی روون لە چاوەڕوانیی سانەوەختەکانی ئاینده و ئەو دەستپێکانەدا بین، کە تیایاندا هزر جارێکی تر خۆی پێکدەهێنێتەوە و پێکهاتە کـۆکـەرەوە» totalites» کانی وەک هێزێکی دەستەجەمعی و ئایبەت درووسـتـدەکـاتـەوە. هەر بەمهۆیەشەوە سارتەر بە مامۆستایی ئێمە دەمێنێتەوە. دواین کتێبی سارتەر «رەخنە لە عەقڵی جەدەلی» یەکێک لە جوانترین و گرنگترین کتێبەکانی ساڵانی پێشووە، کە تیایدا تەواوکاریی



هیگڵ

پێویست بە بوون و نەبوون دەدانەوە، وانە داواکاریە دەستەجەمعیەکان بۆ تەواوکردنی خودێتی کەسەکان دێن. کانتێکیش سەرلەنوێ بیر لە بوون و نەبوون دەکەینەوە، بۆ ئەوەیە جارێکی تر ئەو سەرسوڕمانە بێنینەوە، کە لە ئاستی نوێکردنەوەی گەورە بۆ فەلسەفە دایگرتین. ئێمە ئەمڕۆ باشتر دەزانین کە پەیوەندیی سارتەر بە هایدگەر و شوێنکەوتەیی گرفتی لاوازی بەرمەبنای بە هەڵە لەیەک تێگەیشتن بوو. ئەوەی لە بوون ونەبووندا جێی سەرنجمان بووە، تەنها سارتەریزم بووە و پشکی بەشدارییەکانی سارتەری بۆ دیاریدەکردین: وەک تیۆری نیازخراپی کە هۆشیاری لە تێوخودی خۆیدا هەڵدەستێت بە بەکارهێنانی هێزی زیادبووی لەوەدا کە نەبێتە ئەو وەک ئەوەی هەیە و ببێتە ئەوەی وەک ئەو نییە!

دیدی کەسانی تر، چونکە دیدی کەسانی تر بەسە بۆ ئەوەی جیهان لە ژێرمدا بلەرزێت و وابکات لەگەڵ تیۆری ئازادیدا «بدزرێت لێم». چونکە ئەمیان خۆی سنوورەکانی خۆی دادەنێت و لە میانەی هەڵوێستەکانییەوە خودی خۆی پێکدێنێتەوە، هاوکات لەگەڵ دەرونشیکاریدا، کە جارێکی تر بە ڕێبژاردە بنچینەییەکانی ئاکێک لە ژیانی بەرجەستەیدا دەگاتەوە. لە هەموو جارێکیشدا، ماهیەت و نموونەی هێنراوە دچنە پەیوەندیی ئاوێتەوە کە شێوازێکی نوێی دەدایە فەلسەفە، شاگردی گازینۆیەک، کچێکی ئاشق، پیاوێکی ناشیرین، بە ئایبەتی - بیار - ی هاوڕێم کە هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان لێرەدا نەبووە، دەکرا ڕۆمانی راستەقینە پێکبێنن لەتێوجەرگەی کاری فەلسەفی و ڕەوتی ماهیەتەکان بخاتە سەر ریتمی نمونە بوونگەرییەکان. لە هەموو شوێنێکیشدا پێکهاتەیەکی

**پەیوەندیی سارتەر بە هایدگەر و شوێنکەوتەیی گرفتی لاوازی بەرمەبنای بە هەڵە لەیەک تێگەیشتن بوو. ئەوەی لە بوون ونەبووندا جێی سەرنجمان بووە، تەنها سارتەریزم بووە و پشکی بەشدارییەکانی سارتەری بۆ دیاریدەکردین**

ڕێزمانی توند دەردەکەوت، کە لە پارچە و درێژدادڕی دروستدەکرا و دوو پرسی بۆ ڕووندەکردینەوە کە سارتەر پێیانەوە خەریکبووە: دەریاچەکانی نەبوون، لینجیی مادە.

ڕەتکردنەوەی خەڵاتی نۆبڵ هەواڵێکی دڵخۆشکەربوو، دواجار کەسێکیش هەیە نایەوێت ئەوەمان بۆ راڤەبکات، کەقبوڵکردنی ئەشریفات و نوێنەرایەتیکردنە گشتیەکان لەلایەن نوسەرێک، بیرمەندێکی ئازادەوە شتێکی سەیرە. دواتریش زۆرێک لە فێڵ و تەڵەکەبازان دەیانەوێت سارتەر بخەنە پارادۆکسەوە: خەڵکی هەستی تووڕەیی و رق و کینە بۆ ئەو دەگێڕانەوە، چونکە خەڵاتەکە دواکەوت و لەگەڵ ئەوەیشدا نارەزایی دەردەبڕن بەوەی هەرچۆنێک بێت شتێکە نابێ بە کەم دابنرێت، ئەوەیشی دێننەوە بیر کە سەرکەوتنی هەرچۆنێک بێت خۆی کەسێکی بۆرژوایە وهەر بە بۆرژواییش دەمێنێتەوە، ئاماژە بەوەیش دەدەن کە ڕەتکردنەوەی خەڵاتی نۆبڵ کارێکی ژیرانە و حەکیمانە نەبوو. هاوکات پێشنیاری بۆ دەکەن، ئەویش وەک ئەوانە بکات کە قبوڵی دەکەن و لە بنچینەیشدا ڕەتیدەکەنەوە، ئەگەر ئەوەیش تەرخانکردنی داراییشی بوێت بۆ کاری خێرخوازی. باش نییە زیاد لە پێویست لێی نزیک بینەوە، چونکە سارتەر مشتومڕکارێکی ترسناکە... هیچ بلیمەتییەک لە ئارادا نابێت بێ لاساییکردنەوەیەکی گاڵتەجارییانە بە خۆی، بەڵام کام لە لاساییکردنەوەکان باشترن؟ پیرێکی خۆ گونجێنەر بێت لەگەڵ بارودۆخەکان، مەرجەعیەتێکی ڕۆحیی جوان بێت؟ یان لەخۆی بوێت بە نوسەرێکی نوسین شێتانە بمێنێتەوە؟ خۆی بە ئەکادیمیستێک ببینێت یان خەون بەوەوە ببینێت، کە پێشمەرگەیەکی فەنزوێلیە؟ کێ جیاوازیی لە چۆنێتیدا، لە بلیمەتێدا نابینێت، جیاوازیی بنچینەیی نێوان ئەو دوو ڕێبژاردەیە، یان ئەودوو جۆرە لاسایکردنەوەیە، ئەوەیە سارتەر بۆچی کەسێکی بە ئەمەک بووە بۆ بیاری هاوڕێی کە هەرگیز لێرە نەبووە؟

ئەوە قەدەری ئەم نوسەرەیە کە لە کاتی قسەکردندا ڕێگە بدات هەوای پاک تێپەڕێت، ئەتانەت گەر ئەو هەوایە هەوای ئاتامادەیەکان بێت کە بە ئاسانی هەڵنامژرێت.

**ئەم وتارەی جیل دۆلۆز بۆ یەکەمجار لە ژمارە «28»ی نۆڤەمبەری گۆڤاری « arts»دا بڵاوکراوەتەوە و دوای مانگێک لە وەرنەگرتنی خەڵاتی نۆبڵ لە لایەن سارتەرەوە نووسراوە. بۆ عەرەبی» فتحي المسكيني».**

**سەرچاوە :**

**«المنارات» ژمارە 2724 ی چوارشەمە «13»ی شوباتی 2013**